SOS RASISME

Kurdisk gruppe

SOS Rasisme i Norge
Piletredet 29A, 2 etg
0166 Oslo
Tlf: 004723353200
Faks: 004723353201

ڕاگەیاندنی گروپی کوردی لەڕێکخراوی دژ بەڕەگەزپەرستی لە نەرویج
دەربارەی سزای لەسێدارەدان بە سەر رۆژنامەوانی کورد عەدنان حەسەنپوور

لەدرێژەی پێشێلکارییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بەمافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین، هەروەها ڕەتکردنەوەی هەر ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانەی دۆزی کورد و هەروەها لە هەوڵێکی نەزۆک بۆ بێدەنگکردنی تووێژی تێکۆشەری ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان، پاش چەندین مانگ لە زیندانی و بێسەروشوێنکردن و ئەشکەنجەدان، بەبڕیارێکی نامرۆڤانە و دڕندانە لەڕێکەوتی 2007.7.17 سزای لەسێدارەدانیان بەسەر رۆژنامەوانی کورد عەدنان حەسەنپوور، ئەندامی کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێراندا سەپاند.

ڕژێمی دیکتاتۆری ئێران نەک تەنها بەشێوەیەکی نامرۆڤانە ڕووبەڕوو بیری ئازادیی و مافی مرۆیی نەتەوەی کورد دەبێتەوە، بەڵکو تەواوی گەلانی ئێران و ناوچەکە و جیهان بە دەستییەوە دەنالێنن، لەپەیڕەوکردنی هیچ سیاسەتێکی سەرکوتکەرانە سڵ ناکاتەوە، لەماوەی حوکمڕانییدا ڕژێمی ئێران خاوەنی ڕابوواردوویەکی ڕەش و خوێناوییە، بڕیاری سزای لەسێدارەدانی رۆژنامەوان عەدنان حەسەنپووریش لەچوارچێوەی بیری نامرۆڤانە و تێرۆریزمدا خۆیدەبینێتەوە.

گروپی کوردی لەڕایکخراوی دژ بەڕەگەزپەرستی لە نەرویج، ڕووبەڕووی ئەم بڕیارە نامرۆڤانەیە دەوەستین و پشتیوانی خۆمان دەردەبڕین بۆ کەمپینی کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران لەپێناو ئازادکردنی بەڕێز عەدنان حەسەنپوور و داواکارین گشت ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازانی کورد و جیهانیش پێکەوە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و یاسایی لەم پێناوەدا تێبکۆشین.

هەروەها بەرپرسیارێتی پاراستنی خەڵکی سڤیلی کوردستان و چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد دەخەینە ئەستۆی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی جیهانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە.

هیوادارین فشاری ئازادیخوازان بۆ ڕزگارکردنی گیانی رۆژنامەوانی کورد عەدنان حەسەنپوور لە دۆزەخی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرەتای دامەزراندنی کەمپینێکی جیدی نێودەوڵەتی بێت بۆ ڕێگە گرتن لە چیتر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، دژ بە تێرۆر و بەربارانی ژنان و هەروەها هەوڵەکانی ڕژێم بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و شەڕەنگێزی.

وێنەیەک بۆ /

- **ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی جیهانی**
- **ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی**
- **دام و دەزگا پەیوەندارەکانی ووڵاتی نەرویج و جیهان**

گروپی کوردی لەڕایکخراوی دژ بەڕەگەزپەرستی لە نەرویج
ئۆسلۆ / نۆرویژ 2007.7.19

SOS Rasisme er Norges eneste landsdekkende, demokratiske medlemsorganisasjon som bare jobber mot rasisme .
Vi har over 47 000 medlemmer og 120 lokallag over hele landet

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com